
کاتژمێر
کۆمەڵە شیعری
هێمن ئەمانی
کاتژمێر
کۆمەڵە شیعر
هێمن ئەمانی

# کاتژمێر

کۆمەڵە شێعر

هێمن ئەمانی



کتێب: کاتژمێر

نووسین: هێمن ئەمانی

دیزاینی بەرگ: یوسف عەلی پور

دیزاینی کتێب: ه.ا

پێرست:

شێعری درێژ.................................... ٩
تەمەن......................................... ١١
ئەوین......................................... ١٣
بەجێ مان....................................... ١٤
پرسیار.......................................... ١٧
خۆزگە.......................................... ١٨
تەرمە بیر....................................... ٢١
کچانە.......................................... ٢٥
دیاری.......................................... ٣١
کاتژمێر......................................... ٣٥
نامۆ............................................ ٣٦
رۆچنە.......................................... ٣٩
بەهاری خۆشەویستی تۆ......................... ٤٧
بەدیهێنەر...................................... ٤٩
رێگەم دەدەی؟................................... ٥٣
ئاوارە........................................... ٥٧

یاد............................................ ٦١
دابڕان......................................... ٦٣
دوا نیگا....................................... ٦٧
سزا............................................ ٧١
لە ناخی بێدەنگیدا.............................. ٧٣
ژوانی کۆتایی.................................. ٧٧

کورتە شێعر.................................... ٨٣



# شێعری درێژ

**"تەمەن"**

دەڕوا،

پەل کێش

هەر وەک داوێ

لە پێ کەوێ..

وەک شەماڵان

بە دوای پاییز،

گەڵا ڕێزان..

وەک خەیاڵێ

وێڵ!..

لەبەر بێ مەیلی دڵداریێ..

وەکوو پیری

هێواش!..

دوا بە دوای گۆچانی.

وەک شاعیرێ

پێ پەتی!..

لەناو گەردونێک ووشە رێ

دەڕوا..

دەڕوا..

دەڕوا..

تەمەن!...

٢٠١٤-٨-١٥

**"ئەوین"**

ئەوین وێنای
زەردە گەڵایەکی
با هەڵگرتووە
کە
بە زیل و بەمی درەختەکان
سەما لەگەڵ سەرما دەکا و
لە کۆتایی
ئەم فڕینەدا
لەسەر لووتکەی
بێ هیوایی
خۆی ئەبینێ.

٢٦-١١-٢٠٠٧ ...............سلێمانی - زڕگوێز

## "بەجێ مان"

یەکەم جاربوو
یەکەم پیتی دابڕانت
بۆ درکاندم و بە تەنیایی
لە تاریکی خەمەکاندا
بەبێ مۆمی نیگاکانت
جێت دەهێشتم.

وەك شەیدایەك لە بیابانی هەستەکانتا
وورده وورده
بەرەو نەمانت دەبردم!..،
لە گێژاوی فرمێسکەکانی چاومدا
هەموو ووشە ئەوینی تۆ
هێواش هێواش
نوقمی ئەسرینەکان دەبوون.

تۆ...

ئەو کەسە بووی

فێری خەوتن

لە باوەشی خۆشەویستیتا دەکردم

هەر ئەو کەسەش بووی

گڕی گڕکانێکی پەشیمانیت

لە دڵمدا هەڵگیرساند.

دڵ ئەتوانێ

وەك مرۆڤی ئەم وڵاتە هەست نەهێڵێ

یان وێنای تۆ

سوتوی سۆزم لا بمێنێ و

لە سوچێکی پڕ لە خەمی دڵەکاندا

هەزاران دڵ هەڵقرچێنێ،

یان ئەتوانێ

قنچکە مەلا
پیاوێکی شەرەف پەرەست و
مرۆڤێکی شەرانگێزم بخولّقێنێ تا،
بە بزەوە
سەری کچ و ژن و ژیان و خۆشەویستیی
بپەڕێنێ،
بەڵام .. گوڵم
ئەوین شا دەمارێکە
گەر بەربەستی بێ وەفایی ڕێگەی بگرێ
دڵ لە لێدانی ئەوین و
جەستەی بێزارم دەوەستێ.

٢٠٠٨-٠٨-١٤ سلێمانی

## "پرسيار"

پرسيارت كرد:

ڕاسته دەڵێن

كاتێ مرۆڤ كه پير دەبێ

خۆڵەمێشی ژين دەبينێ..!؟

ئەمن دەڵێم ..

ڕەنگدەرەكانی ئەم ژينە

دەمێك ساڵە نەزۆک بوون و

ئەم جيهانە،

بە چاوی كۆرپەكانيشمان

خۆڵەمێشی

ڕەش و چڵكن

خۆی دەنوێنێ.

٢٠١٤-٥-١٥

## "خۆزگە"

خۆزگە باڵات
شێعرێکی عاشقانە دەبوو
تا هەرکاتێ بیرم کردی
لە ژێر لێوم، وردە ،وردە
بتهۆنمەوە.

خۆزگە ئەوینت
غەزەلێکی بەختەوەری دەبوو
تاکوو کاتێ
هێڵە نۆتی حەزی شەرمت
لە سەمفۆنیای چاوانتدا نقوم دەبوو
تا هەر کاتێ سریوەی دڵ
هەموو سینە غەزەل بدوێ
لەو ساتەدا

ئەوینی تۆ لە باوەشیا ئۆقرە بگرێ.

خۆزگە روخساری جوانی تۆ
پەلکە زێرینەیەک دەبوو
بەسەر دەشتایی دیدەمدا
کە هەرکاتێ لە تەنیایی ئێوارانەی
ئاوا بوونێک
چاوم باری
روخساری تۆ بنەخشێنێ
لە قوڵایی گلێنەمدا.
خۆزگە گەرمی هەناسەکەت
شەماڵێکی خەرمانانی
ماچێک دەبوو
تا سەردەمێک
بەستەڵەکی رێبەندانی ئەم وڵاتە

له ناخەوە دایدەگرتم

بە هێواشی

لەبەر خۆری لێوەکانت

دەتوامەوە.

١٩/١١/٢٠١٢

**"تەرمە بیر"**

لێزمە بارانی
پاییزانەی خەم
لە یۆنانی پەژارەدا
حەساری چاوی چاوەڕوانم
دەشواتەوە .

پۆستاڵی پیێ زەمەنی ئەلیادە بوو
بیری پیشاوی پاکستانم
پێشێل دەکات.

کەژاوەی
خەونە شێعری دڵ بوو
لاشەی حەزی پڕ لە تاسە

بۆ بینینی بێچوە مەلی
گەرمە سێری ئەفغانستان
لە کۆچێکی هەتایی دا
بەرەو خەزان
بۆ ناو چنگی ئەڤەرێستۆ
ڕادەکێشێ.

ئێوارە بوو
سێبەری تارمایی یۆنان
بە سەدان پەرەسێلکەی خۆرهەڵاتی
لە داوێکدا
کردە نێچیری داڵی برسی
بۆ بەدەست گرتنەوەی
ئاسمانی تەختی پاشایی.

بۆ زیندو کردنەوەی

تەرمە مەیتی

ئەفلاتونەکان و

ئەلکساندرۆ.

جەستەی کەوی باشوریان (ئافریقا)

کردە پردی هەستانەوە

کردە بەنداوی لێشاوی دارمان،

بەگۆپاڵی فاشیزمی ئێلێن

خوێنی جیهانی سێیەمیان

کردە شەڕابی شەوی

سەرخۆشانی سەردەم.

زیندانی تاخیرۆ--- ٨ / ١٠ / ٢٠١٠

تێبینی:

ئەلیادە: یۆنان، ئەڤەرێستۆ: زیندان، ئێلێن: شاژنی ئەلکساندرۆ

## "کچانە"

بە بەرچاوما

هەروەک گوڵێ

لە تینوێتی داکورمابێ

هەنگاوەکانی زەوی ڕادەماڵی،

باڵای وەکوو

سنەوبەری ووشکهەڵاتوو

لەدوای جەنگێ لەگەڵ ژیان

داچەمابوو.

وێنای ئەستێرکە

لە تاریکی دا

وردە وردە بەرەو کزی

خۆی دەکێشا.

به هێمنی ، پرسیارم کرد:

تۆ کێی؟

له کام بیابان

له چ سەرابستانی وڵاتێک

ئاوا ژاکاو بەرێ کەوتووی؟

کامه تۆفان

تەمو مژی پاش کام باران

سەرما و تەزووی کامه زستان

زەرده گەڵای پەیکەری تۆی

وا هەڵوەراند؟

زۆر بەتاسه..

به شەرم و ترس و ماتەوه

وڵامی دا:

ماتەمی بیری پیاوێکم

هۆکاری مەرگی دایکێکم،

ئاواتی تازە لاوێک و

باڵی شێعری شاعیرێکم

کە دێڕە شێعری

هەموو خوێنە.

عەیبە و بڤە و شەرم و شەرەف

لەوەرگەی چاو

خەڵوەتگەی پیرە گورگێکم

لەڕ و برسی.

تاوانبارم

بە تاوانێکی نەکراوە

بە تاوانی بێ تاوانی

لەبەر ئەوەی...

هەموو ئەوین منی دەوێ، تاوانبارم.

ڕامدەدێرن
دەمهێنن و لەولاشەوە لە بۆ ئاشتی
دەمبەخشنەوە،
هەر دیسانیش
دەمدەنەوە بە شەڕێک و
هێواش، بە بێدەنگی
دوعام، بەنازم، مارییام،
دەمکوژنەوە.....دەمنێژنەوە.

من..
کانگایەکی چێژی پیاوم، تەنیا.
بەبێ بەرگ و
مزرە سێوێکی کاڵم

لەبەر چاوی هەموو پیاو و

سیاسەتمەداری ئەم دایکە زێدە.

من ئاگرم، دۆزەخم

شەیتانێکی عەقڵ کەمم

..................بە قسەی ئەوان.

هەموو عەرشی خواوەندەکان

لە هێزی من، لە بیری من

لە تین و کڵپەی جەستەی من

دەلەرزێن و

بە ترسەوە دادەڕمێن.

ئەتۆش پیاوی..

وەکوو هەموو ئەوانەی وڵاتی من

ئەتۆش پیاوی...

پرسیاری چی لە من دەکەی

ئەمن کەس نیم

من...؟ نا..!!!

ئەو پەردەیەی شاراوەیە و

هەموو چاوی ئەو زەوینە لەسەریەتی

شەرەفە، ژیانە، حەیایە،

هێمای پاکی و نەجابەتە.

ئەبێ بگریم..؟

پێ بکەنم؟

نازانم...!

بەڵام من.. ڕەگەزم کچێتیەکی پیاوانە و

زمانیشم پیاوانەیەکی کوردیە.

١٣/٠٩/٢٠١٣

## "دیاری"

بە کۆڵانە ساردەکانی دڵمدا

جەستەی ماندووم

وەك زیندانی کۆت کراوی دەستی ووشە

بەسەر بەرد ڕێژی شەقامدا

ڕادەکێشم،

لەناو

پیتە شێعرەکانی تیا نووسەکەمدا

بە بیرەوەری و یادی تۆ

سەما بە وشەکانم ئەکەم.

من...

ئەو شاعیرەم

لەسەر چۆڵە شەقامی دوور خرانەوەمدا

به دوای دێڕە شێعرێکی تەنیادا

ڕێگا دەبڕم.

تۆش

کۆترێك بە

کە باوەشی

بۆ گریان و ئەسرینی هەورەکان   کردۆتەوە و

بە دڵۆپە بارانی

چاوگەلی پڕ ماتەمی گوڵێك

باڵەکانی بۆ فڕینێك

لەوانەیە کۆتا فڕین

هێور دەکا.

خوڵقێنەری ئاواتێك بە

وەك ئەو دیلەی

لە تاراوگەی وڵاتی ڕەش و سپیدا

بە بینینی تاکە پەتکی ڕەنگاڵەیی

ژینێکی تر لە قوڵایی چاوانیدا

نوقم دەکا.

ئەگەرچی

زریانی زستانی مەیلت

مەرگی عاشق دەخولقێنێ بەڵام،

بەڵام دەمەوێت

هەناسەی گەرمی ناخی بەستەڵۆکت بم

منیش

ئەمەوێ

یەکەم چرۆی وڵاتی تۆ و

یەکەم ماچێك

بە لەزەتی کرانەوەی خونچە گوڵێك

لە خەیاڵی شێعرێکی بەهاریدا.

بۆتۆی بە دیاری بهێنم.

٤-١٠-٢٠٠٨............. سلێمانی

## "کاتژمێر"

چرک، چرک، چرک

کاتژمێر..،

هەموو عەرش

هەموو ژینم سەر و ژێر کرد..

ڕوون نەبۆوە لەبەر چاوم

لەبەر مەرگی

دایکەکان و کچەکانی

یان ئەوەتا

لەبەر بیراوی تاریکی

وڵاتەکەم

هەڵدەپەڕی...!؟

٥/١٢/٢٠١٣

## " نامۆ"

له چاوی تۆ
حەسرەتێکی سەیرم بینی
بەقەد پانتایی ئاسمانی
حەزی نامۆ،

نامۆ بە من
بە هێلانەی خەیاڵی من
نامۆ بە هەر شەوە شێعری
دێڕی ڕامان.

من تێناگەم
له وشەی
لێو بزوێنی تۆ

بەڵام هێشتاش

بریسکەی چاوەکانت

خەیاڵ دێنێ..

بۆ بیری لێڵ و تاساوم

هەوێنی شێعری من دێنێ

بە گوێی قەڵەمی دەستم دا.

لەگەڵ خۆی

لە سپێدەی ئاواتێکدا

بەناو دڵی

ئەم خەزانە تاڵەی ئەمڕۆم

بەرەو بەهارێکم دەبا

سپی سپی

دەڵێی هێشتا

دەستی جەلاد

بەو بەهارە ئاشنا نەبووە.

لە دوورەوە

هەست بە ترپەی

ئەوینێکی ساوا دەکەم

لەم بێدەنگیەدا

کە هێشتاکە گڕوگاڵی خۆشەویستی

گاگۆڵکەی جاربەجاری ژێر نیگایەک دەکا.

١٥/ ٢/٢٠١٢

## "ڕۆچنە"

خڕکە شارێک

سەر بەرەو خواری

دەشتێکی لێژ

لە من دیارە.

"١"

لە من دیارە

بەسەر پشتی زەمەنەوە

تەمێکی تاڵ..،

لە بۆشایی ئاسمانێکی بێ باڵدا

هەورێکی بەتاڵ..،

هەمووی خۆڵەمێشی.

پەڕەسێلکەی خەیاڵات

هەوێنی بەهار و گوڵزار

لەو خڕکە شارە

بۆر و چڵکن،

لەو ئاسمانە

کە پیرە ڕێوی

لەباتی ئەو

باڵی گرتووە

تۆراوە،

نەک هەر ئەو

هەموو خەونی ژێر پێ کەتووی

ئەو هەژموونە

لەم زەمەنە وەستاوەدا

تۆراون.

"٢"

سیحری هەور بەتاڵ بۆتەوە

دەڵێن گوایە

زەریا پیرەو
بەرەو پیری مردن دەڕوا.

باران..
باران نییە
دەبێ لە چیرۆک،
لە مێژوودا بۆی بگەڕێی
یان...
لە گێژاوی سەرابێکا.

گومان نییە
زەریای سور
لە دوای لاوی سەر بە وتەی بەختەوەریی
لەژێر ساتور
ڕووەو قیبلە

بەڵێنی بارانی خوێن

بە من دەدا.

"٣"

لە سەردەمی ئاواتدا بوو

ناوەراستی سەدەی هیوا

کە زریان..

کچۆڵەیەک بوو گورج و گۆڵ

هاوڕێی شەماڵ و دەست لە ملان

لەسەر ڕووبار

پەلکەزێڕینەیان دەچنی،

ئەوکات زریان

کچۆڵەیەک بوو ئەویندار

لەگەڵ شەماڵ

چەپکە نێرگزی خۆشەویستیان

لە سینگی بەهار دەدا.

ئێستا...

لە سەردەمی عەیبە و عەبا..

لەسەر لووتکەی حەیا..

لە بن چەپۆکی شەڕەف..

ئەوین و پەلکە زێڕینە؟!..

زریان و کایە و گەمە؟!..

ئەمانە، هەمووی مردنە

کۆتایی هات

خەونی شیرین

ئاخر ئێستا

زریان بۆتە شنەیەکی

سەر بەژێری

بن ڕەشەبای پیاوەتیەوە.

"٤"

ئێستا لێرە..

لەم زێدەی من

هەوری بەتاڵ

پلە و پایەی وەر گرتووە:

حوکمی حاکم

مەلای سەردەم

ڕاوێژکاری دەرگای مردن.

"٥"

سەمەرەیە..!

ئەم خڕکە شارە بچکۆلە

بەو گەلە لاشە چڵکنەو

بە کۆمەڵ بیرە بۆگەنە

لەو ڕۆچنەیەوە

هەتا بڕکا

لە من دیارە.

٢/١٠/٢٠١٢

## "بەهاری خۆشەویستی تۆ"

خۆشەویستم
ئەوینی تۆ
بەهارێکە
لە بیابانی جەستەی مندا
نمە بارانی حەزێک دەبارێنێ و
چرۆی تۆوی ئەوینێکی بێ کۆتایی
لە ناخمدا
دەنەخشێنێ.
خۆرەتاوی چاوەکانت
لە پشت تەلبەندی شەرمەوە
پەلکە زێڕینەی نیگاکانمان
دەلاوێنێ.
گەلاوێژی باوەشی تۆ

ڕێبەندانی هەناسەمان

لەناو خۆیدا حەشار ئەدا و

عەتری جەستەی لێوە ماچێک

هێواش هێواش بە ناخیدا

دەپڕژێنێ.

گوڵاوە ماچی

ئەرخەوانی لێوەکانم

لەناو کوێستانی سینگی تۆ

لەسەر

هێڵە نۆتی تێک ئاڵاندا

خونچەی لێوت ئەپشکوێنێ

وە لە پێدەشتی خەیاڵمدا

سەمفۆنیای خۆشەویستی

دەنەخشێنێ.

٥/٩/٢٠٠٩ - سلێمانی

## "بەدیهێنەر"

شەو...

له دەستەکانی مندا

ئۆقرە دەگرێ...

ئەگەر تاریکی ناو پەنجەکانم

سەرنج بدەی

چەرخی ژیان

له تاریکایی و شەوە زەنگ

له سپێدەی داهاتووشدا

هەر لەوێدا دەژێتەوە.

بڕوانە بۆ لەپی دەستم

ڕۆژ..

بۆ چەند چرکەیەک لەوێدا

سەر خەو دەشکێنێ

زستان.. لە جەستەمدا

بە هێمنی گەورە دەبێ

هاوین.. لە هەناسەی مندا دەخولقێ.

بڕوانە تۆ!

ئەگەر..

دەستەکانم بنوقێنم

دڵی ژیان

لە چرکە ساتێکی نەمان

لە لێدانی خۆی دەوەستێ.

چاوت ببڕە ناو چاوی من

هەنگاوەکانی پێم بژمێرە

ئەگەر..

ئەگەر چاوم بنوقێنم

هەنگاوێکم بوەستێنم

هەموو ژیان

بۆ هەتایە لە سوڕی خۆی

دادەکەوێ.

وەرە

بروانە ئەو بریسکەیە

کە لە چاوما دێتە دەرێ و

لە دڵۆپێک بارانی نیگاکان

دەریایەکی بێ کۆتایی دەخولقێنێت

وەرە بزانە کە چۆن هەژاری

لەبەر پێما

وەک تاوانباری لە گۆ کەوتوو

چۆکی داداوە و

سەری لەسەر زەوی کوتاوە.

ئێمە چەخماخەی شۆڕشێکین

بەسەر پوشی ووشک هەڵاتوی

سەرمایەدا.

ئێمە زێڕینە پەلکێکین

دوای خورێنکی بارانی سەرمایە

بە خۆری ئازادی

تا هەتایە

دەدرەوشێینەوە و

دەدرەوشێینەوە.

٢٨/١٢/٢٠١٢

## "ڕێگەم دەدەی؟"

له گوێسوانەی خەیاڵەوە

ڕێگەم دەدەی

لەگەڵ تۆدا

به مۆسیقای خۆشەویستیت

تا لێواری بەختەوەری

سەما بکەین و

به بارینی

یەکەم بەفری ئەویندارییت

بەرگی سپی

بەڵێنێکی تا هەتایی

به باڵای دڵمان بخشێنم؟

ڕێگەم دەدەی

لەژێر تیشکی چاوەکانتا

وەک پەپولە

دەست لەملان و تێک هاڵاوی

گوڵە باخی جەستەت ببم؟

یان وەک لاولاو

لە ئامێزی تامەزرۆیم

بتشارمەوە

تاکوو هێواش

لەبەر تینی

گەلاوێژی ماچی سینگتدا

بتوێمەوە..!؟

خۆشەویستم

ڕێگەم دەدەی

تا بن میچی ئاسمانی چاوەکانم

وەک ئەستێرەیەکی سیوەیل

بەسەر دونیای حەزەکانما

تۆ بکشێنم؟

ئازیزەکەم

تا بەیانی دێوی هەستان

رێگەم دەدەی

جارێکیش بێت

لەم خەونەدا

هەموو لێوم

نقوم بکەم

لە زەریای لێوەکانتدا و

لەگەڵ وردە شەپۆلی

کەنارەکانی هاوارت

له باوەشتا

بە هێمنی وەکوو باران

لە ڕۆژێکی خاکە لێوە

دابباریێم؟

**٦/١٢/٢٠١٢**

## "ئاوارە"

(بۆ "ئاوارەکانی" ئەم دواییە، کە لە تاو "تیرۆریستەکانی داعش" پەنایان بۆ کوردستان هێنا)

ساردم

بێ هەست و نست

چاوم نوقاو

جارو بارێکیش نیگایێ

وەک کچۆڵەی سەر چیاکان..

بیرم ناچێ

کە چۆن بە پۆل

لە بیابانی دوکەڵاوی

بیر تەپیوی چەک بەدەستدا

لاشە شکاو

بێ نان و ئاو

وەدەر کەوتن.

بە بنەماڵە هەموو هاتن

پەنابەری ماڵی من بوون

ماڵی ئێمە..،

هی هەمووومان.

کەچی باوکمان

باوکی زێدمان "بە زرِی..،بە ناو"

زۆر بەگەرمی

بەخێرهاتنی کردن و

لەبەر دەرگە

لەنێو گەرما

لەنێو سەرما

جێگەی کردن.

بەڕەیەکی کۆنی کونی لا نەوتاوی

هی بەر پێ بوو

مالّی ئێمە..،

مالّی هەمووومان

پێ بەخشین و

منەتێکیش...

کورم، کچم،

ڕۆڵەکانی خۆشبەختی من

دەبێ وەک من

وەک باوکتان "بە زڕی..، بە ناو"

میوان دۆست و

بەخشندە بن.

٢١/٠٨/٢٠١٤

## "یاد"

له گەڕاوەی هەناسەی سارد و سڕماوم

حەزی تۆیە..

بە بۆسۆی دووکەڵی یادت

دێتە سوتان.

له دامان و له تاسانی

پێڵوی چاوم

له تارمایی تیشکی سۆمام

چاوی تۆیە

دێتە ڕامان..

بۆ گلێنەی خەونی شێعرم.

بزەی تۆ

سەمای لێوەکانی تۆیە

بە سەمفۆنیای تەنیایی من

دێتە هەتوان.

گوڵەباخێکی ژاکاو بوو

سەیری سۆمات..

پڕ لە ئازار

پڕ لە دووری

بێ ئومێدی گەڕانەوە

لە ڕوانینی گلێنەتدا

لە بەخششی ئەویننتدا

لە گەرمای چاوەکانتدا

داتە باخم□

ز. فێرێز. یۆنان

١٠/١٠/٢٠٠١

## "دابڕان"

خۆشەویستم

چاوەکانت

هەژمموونی ئەوینێکی ترساو

کە تا ئێستاش کانی گریان

دەهاژوێنێ

بۆ ئەم پاییزە میوانە

دەگێڕێتەوە.

نیگاکانت

لە پشت پەردە

پەشیمانی و ئاواتی

لێوە ماچێکی نەکراوە

دەنەخشێنێ،

حەسرەتی

لێک دابڕانی هەستی تۆ

لە هەستی دانەمرکاوی من

لە ناخەوە

پۆلوی دڵم بەرەو نەمان

دەبوژێنێ.

لە هەر ئێوارەی ژینمدا

ئەوینی تۆ

لە ئاوا بوونی چاومدا

دەنێژم

لە فەرامۆشی زەمەندا

ونی دەکەم.

له هەر شەوی وتەکاندا

وشە ڕەقی سەر زاری تۆ

پاسەوانانی دەورت

ئەوانەی وا فێریان کردی

ڕقت لێم بیت،

ئازیزم

هەر ئەوانەش

تینی ئەوینی ناکامەت

هەوڵ دەدەن

له دەروونما وون بکەن.

بەڵام گوڵم

لەهەر بەڵێنی سەرنجتدا

لەهەر هاوارێکی

به بێدەنگی

پەپولەیەکی ترسێنراو

کە لە چاوی تەماوی تۆ

دێنە هەتوان

هەموو جەستەم

لەسەرتاپێم

لە سۆزی حەزت پڕ دەبێ

خەیاڵم هەمووی جوانیت و

ئامێزم

هیوای لەباوەش گرتنی تۆ

خەو دەبینێ.

٢٠٠٤-١١-٢٤

سلێمانی

## "دوا نیگا"

ڕوانینم، بەرەو ئەودیو
بومە لێڵی خەیاڵ دەچوو
ئەوپەڕی ئاواتە خنکاوەکان
بۆسەر تەرسی دواکەوتوویی،

بەرەو سۆمایەك
لێواو لێو لە بێ هیوایی
ئاسمانیك
پڕاوپڕ لە هەوری ڕەشی پەشیمانی
ئەوساتانەی کزە بای مەرگ
بەناو نەمامە وشکهەڵاتوەکانی هیوادا
دێت و دەچێ.

لەو چرکە ساتانەدا
لە ناخی تاریکایی ژیندا
دەستە تۆراوەکان، گوڵی ڕوخسارێك
بەرەو زیز بوون،
لەبەر سەرمای ڕێبەندانی خۆشەویستیەك
لەژێر تیشکی بەرە بەیانی ئەوین
لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا
ئەدرکێنیێ.

لێوەکانت
گەڵا ڕێژانی تاکە داری بیابانی خۆزگەکان
لە نێو درك و داڵی زویر بووندا
هەواڵ ئەدا.

زەردە پەڕی ئێوارانەش

هەڵوەرینی گوڵی گۆنایەکی ئاڵ

لە بەهاری هەستەکاندا

لەسەر ڕۆخی ڕوبار وێنە ئەکا.

٢٠٠٧-١٢-٩

سلێمانی - زڕگوێز

## "سزا"

بوونی ئێمە و
بوڕکانەکانی بیر و جەستەمان
لە گۆڕستانی هەستەکاندا
سزا دراوی مردنە،..
بەرزە داری خەیاڵ
تەور بارانی سەرابە و جەستەی
سوتوی ئازارەکانە.

ئەو نیگایەی پڕن لە حەسرەت
ئەو دەستانەی پڕن لە سۆز
لە جەلادخانەی حەرامدا
بە چەقۆی عەیبە بڕدران.

سەما و تیك ئاڵانی هەورەکان

بروسکە و بارانی چاوەکان

چیرۆکێکی ناتەواوە و

لە زەریای

تاوانە نەکراوەکاندا خنکێنران.

خونچەی ئەم وەرزەی ژیانمان

کۆت و بەندی مەرگستانی مەرگە

وەرزی سەر بڕینی

ئاواتە وەدی نەهاتووەکان.

لەم وەرزەدا هاوارەکان

بوونە قوربانی بێدەنگی و

شەپۆلەکان ڕەگاژۆیان لە ناخدا

تواوەتەوە.

١٦-٠٨-٢٠٠٨.          سلێمانی

## "لە ناخی بێدەنگیدا"

لە زەلکاوی گەورە بووندا

قەوزەی پشتی کۆمە ژینێک

جەستەی زەوی داپۆشیوە

ڕەشە هەورێک

ئاوا بوونی ئێوارانی داگرتووە.

وورده بەفری

لوتکەی کوێستانی تاسەم

لە ئاسمانی پڕ لە خەمی خەیاڵمەوە

دێنە خوارێ و نەرم و هێواش

لەبەر خۆیان مێلۆدی با دەڵێنەوە

لەسەر لوتکەی ئاواتەکان

ماتەمێک سپی پۆشیوە

بونەوەرێک، مرۆڤ ناوێک

باڵا پۆشی ئەم ماتەمەیە.

شێعر

لە هەرەسی گڕوگاڵی شاعیراندا

پێنووسەکەی وون کردووە

لە بێدەنگی وشەکاندا

ناوێرێ خۆی بڵێتەوە.

بە بێدەنگی پەپولەیەک

سۆزێک

دەمێک ساڵە ڕێڕەوی خۆی

لە پێدەشتی خەیاڵێکی سارد و سڕدا

بەرەو ناخی گوڵهەستەکان

لێ تێکچووە.

ڕەشێنکی چاوگەلی

خۆرەتاوی وەڵامی هەستم

هەر وەک زستان

لە پشت شاخە بەرزەکانی حەرەس

مت بۆتەوە

پۆلە مەرگێکیش لە دوورەوە

هەوڵ بۆ کوشتنی دەدەن.

تا نەتوانێ

دەستی سستی مانگ

بەر پێی ڕووناک بکاتەوە.

**٥/٢/٢٠٠٩**

سلێمانی

## "ژوانی کۆتایی"

هاتووم

تا ژوانی کۆتاییم بە چەند ووشە،

بە چەند دلۆپە فرمێسکی چاوەکانمان

بەڕێ بکەم.

ئەمجارەیان هاتووم

بۆ کۆتا جار

لەبەر دەمتا سوجدە بەرم و

لە خۆشەویستی تۆ وەرگەڕێم.

دڵم لە ژێر تۆفانی بێ تۆییدا

لەبەر گلێنەی خۆرەتاوی دیدەتدا

پەڕ پەڕ بکەم و

لێرە بڕۆم.

ڕێگە مەدە لێوەکانت

سۆزێك بکات بە دیاری

بۆ توانەوەی لێوەکانمان و

بە خولْقانی حەزێکی قوڵ،

بارانی ماچمان بەسەردا ببارێنێ.

وام لێمەکە، ناخی وون بووم

هەستی لە ئامێز گرتنی تۆم پێ بڵێ

گەرمی لەشتم

لەژێر سەرمای ئەم زێدەدا

پێ ببەخشێ.

ئەرێ، هاوڕێ

قەلەڕەشی سەر ئەم داری جێ ژوانەمان

موژدەی بەرد بارانی ئەوین دەدا

هەواڵی هەڵکردنی زریانێک

بە گزنگی ئەم ئێوارەیەدا دەدا.

هەوڵ مەدە چاوەکانت

هەوارگەی ئەوینێکی لاو

بە گوێچکەی ڕوانینمدا بچرپێنێ

ئاخر ژینم،

پۆلوی هەتاوی بێ هیوا

تیشکی بەرەو سەهۆڵبەندانی هەستەکان

بەڕێ ناکا

مرۆڤە باڵدارەکان

لە پێناوی هەستانەی گەشدا

باڵەکانیان لەبەر مۆمی ئەوینێکا
نادۆڕێنن.

سرودی ژیان
چرکەساتی بڕواکانی لا نەماوە
باران هێشتاش
دڵی لە دڵۆپە ڕەنجاوە
تۆزی لە جێی خۆی داناوە.

قیامەتی ووشە...
غەزەلی کۆتایی ژین
لەپێناوی ئەودیو ژیان
دەڵێتەوە.

سەمای سوور لاڵە

ناتوانێ

پیتەکان وەك خۆیان

بدرکێنێ.

ڕاستە...

ووشەی شێعری شاعیران

لاپەڕەی ڕەشیان جێ هێشتووە

لاپەڕەی ڕەشیش

لەگەڵ شەماڵی شەلدا

بەدوای پیتێکی سپیدا

ڕێگا دەکا.

بەڵێ ئازیز... هاتوم بڵێ

ئەتۆ لێڵی و لێڵییش تۆیە

تەنیا خەیاڵە

پێناسەی ئێمەیە.

١٠-٠٢-٢٠٠٩ سلێمانی



# کورتە شێعر

ڕۆژ

تەنیا لوتکەی

بیر کردنەوەی

بیری تەنیای شاعیرێکە

کە هەوڵ دەدات

تاریکی ژین

لەگەڵ خۆر تێکەڵ بکاتەوە.

٢٠١٢/٨/٩

به کەوتنی کلوە بەفری

یەکەم زستانی بێ تۆیی

لەسەر لێوم،

دواین ماچی کەسیرە بووی

ماڵ ئاوایی

کەوتە یادم.

١٥/١٦/٢٠١٣

هەژار

ئەسرینێکی ساوا و

بێگەرد بوو

لەسەر کانی وشک هەڵاتووی

جووتە مەمکێ،

لە لێکنانی برژانگێکدا

لە چاوی دایکی کەوتە خوار.

٢٩/١١/٢٠١٢

بەزەییت بێ، ئازیزەکەم

هێندە نوقمی

دەریای چاوەکانتم مەکە

٢٩/١٢/٢٠١٣

خۆزگە منیش ڕووبار دەبووم

سەمەد..

تا لەبەر ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە

دەگەیشتم بە دەریا.

١٣/٥/٢٠١٣

تەنیا سوجدەم بۆ خودایەک برد

کە لە شەوێک

بێ هیچ مەرجێک

هەموو بەهەشتی

لە باوەشێکدا پێ بەخشیم

٢٨/٠٤/٢٠١٣

ده دەرکەوە

ئەی کەوانەی ڕەنگاڵەیی

پاش خەم بارانەی ڕۆژگارم

ئەوا ڕوو لە ئاوا بوونە

خۆری چاوم.

٢٠١٤-٥-٢٣

کات هەناسەی تەنگ بووە

بە گومانم لە تەنیایی

یان

لە درێژی و تەمی ئەم خەزانە

١٨/١١/٢٠١٢

تەم و مژی بێ وەفاییت

ناهێڵێت تۆ ببینمەوە

١١/٠٥/٢٠١٣

وەک شۆڕە بی

لاوێن

لاوێژ

لاو

ئەوینی من و تۆ

١٣/٩/٢٠٠٦

تێبینی:

لاوێن: نەمامی شۆڕە بی

لاوێژ: لاو، هەرزەکار

سەراب،

خەیاڵ،

خەون ..،

هەوێنی هەستی

بە تەلبەندی بیرم و

زیندانی

کۆتکراوی جەستەمن.

١٠/٩/2011

ز. تاخیرۆ- یۆنانستان

چاوەکانتم لێ دامەخە نازەنینم

کەشتی دڵم

بەبێ فانۆسی چاوانت

بە گاشە بەردێک تێک دەشکێ.

١٣/٥/٢٠١٣

ئیرەیم دێ

بە چاویلکە

کە هەمیشە لە پێش چاوم

تۆ دەبینێ!..

٢٠١٤-٧-٥

چاویلکەیەک

هەوڵی دەدا

چاوێکی کز

بە خەیاڵی خەونی جوانی و

سەرابێکی درۆیینە

لەگەڵ ڕاستیی ئاشت کاتەوە

٢٥/١١/٢٠١٢

ئاوازی هەنگاوەکانت

هەموو گەردوونی گرتووە

ئازیزم..!

ئەوە سەمفۆنی سەماتە

یان..

قرچە قرچی شیشەی دڵم؟

١٣/٥/٢٠١٣

خۆشەویستی پاییز و خۆر

تراژدی و...

ئاکامەکەی

لەبارچوونی هەموو درەخت.

١٨/١٠/٢٠١٣

وەها لە من دووركەوتیەوە

خەیاڵیش پێت ناگاتەوە

١٢/٥/٢٠١٣

خۆڵەمێشی خۆڵەمێشی

تاوێکیش ڕەش

کەمێک سپی و

سێ بەشی کاتیش تاریکی

نازانم

یان من گلێنەم سواوە

یان ژیان ڕەنگی دۆڕاوە.

١٦/١/٢٠١٣

دەمەوێت..

لە نەرمی شێعرێکدا

بتهۆنمەوە و

لە باوەشی غەزەلێکدا..!

بتخەوێنم.

١/٠٦/٢٠١٣

خەیاڵم

لە سنووری باوەشی تۆ

تێپەڕ نابێ، جەستەت

خەیاڵی شێعرمی خواردووە

٢/١١/٢٠١٣

ڕەنگی چاوت

تاڵاوی قاوەی خۆشەوستیت

دەداتەوە

٢٩/٤/٢٠١٣

سەرخۆش

بە شەڕابی لێوی

ئاگرینت، ئەوین.

دانە

دانە

تامی میوەی

باخی باڵات

هەستی شێعرم

دەهاژێنێ.

٢٥/٠٦/٢٠١٣

سەماکەرێکی باڵەیە

بەسەر پەنجە و

نەرم و نیان

وەکوو..

عەتری گەزیزەیەک

بە هەوادا،

هەناسەکانت.

١٥/١/٢٠١٤

شەو ..

ئاوازێکی خۆشەویستی

وە تۆ ..

تەنیا میلۆدی.

١/٢/٢٠١٤

لەکام کۆنە ڕۆمانی ئەوینتا

بەجێت هێشتم..،

کەوا تەمی بێ وەفاییت

هەموو ڕووخسارمی گرتووە..!؟

١١/٠٥/٢٠١٤

هەروەک

شنەبایەکی پاییزی وڵاتەکەم

زۆر لەسەرخۆ

بەرگی سەوزی ئەویندارییم

بە بێ مەیلیت

دەوەرێنی.

٢٠/١٠/٢٠١٣

هەموو گوڵ

لە نیگایەکتا پشکوت و

بەهارێک

لە باوەشتا خوڵقا

٣٠/٠٦/٢٠١٣

هەناری خۆشەویستیم

کەوتە خوار و

لەبەر پێتدا..

هەتا ئێستاش

خوێن دەرێژێ.

١٢/٧/٢٠١٣


هێمن ئەمانی